کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-2-2007 20:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پتەوکردنی پەیوەندیمان لەگەل باڵە نەرمەکانی فەلەستینی لە بەرژەوەندی ئێمەشدایە ... ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی



ڕەنگە هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەر پەیوەندیەکی کوردی و فەلەستینی هەندێک لە هەلوێستی ڕەگەزپەرستی و هاوکاری نێوان ڕژێمی سەدام و هێزەکانی فەلەستینی هەروەها هەلوێستی زۆر لە تاکەکانی گەلی فەلەستینی بێنێتەوە یادی خەڵکی کوردستان و جۆرە نیگەرانیەکیان لە دڵدا دروست بکات. سەرەڕای ئەو دەنگو باسە نەپساوەیەی کە زیاتر لە نیو سەدەیە لە سەر کێشەی فەلەستین بە زۆری بەگوێی ئەو خەڵکەدا دەدرێت لە کاتێکدا کە کێشەکەی خۆی لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و زۆریەی کە لەسەری کراوە زۆر زیاتر و دژوارتر بوە و کەسیش لەسەری هەڵینەداوەتێ کە ئەوەش بێگومان بێزاری دروستکردوە سەرباری ئەوانەش زۆر کەم بیستراوە کە هەمەئاهەنگی یان هاوکاری هەبووبێت لە نێوان هێزە رزگاریخوازەکانی کوردستان و فەلەستین. لەلایەکی تر هێزی ڕزگاری کوردستان لە خەباتی درێژخایەنیەوە هەتا ئەو دواییەش واتە پاش ڕووخانی ڕژێم هەر بە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەل ولاتی ئیسرائیل لەسەر حیسابی گەلی عەرەبی تاوانبارو ناوزەندکراوە وەکو ئەوەی کە میللەتی ئێمە بۆی نەبێت بە هیچ شێویەک دۆستایەتی گەلانی دونیا بکات. ئیتر سەدان ناوو ناتۆرەو بیروبۆچوونی چەوت ببونەتە هەواڵ و مانشێت و ڕیپۆرتاژ تەنها بۆ ئەوەی دوژمنایەتی و گیانی دووبەرەکی نێوان گەلی کورد و عەرەب بەشێوەیەکی گشتی زاڵبێت بەسەر گیانی لیکتێگەیشتن و لۆجیک. دیارە ئەوە کە لە دژی ئێمەدا بوو بەلام بۆ کێشەی گەلی فەلەستینی نەک هەر هیچ بەرژەوەندیەکی تێدا نەبوو بەڵکوو ببوە هۆی ئەوەی ئەوانیش سۆزو خۆشەویستی و تێڕوانینی ئێمە بۆ کێشەکەیان بزربکەن. دیارە ئێستا و پاش کارا بوون و چالاک بوونی ڕۆڵی کورد لە عیراق و ناوچەکە ئەوە دەخوازێت کە ئەوانیش بە خۆیاندا بێنەوەو لەسەر بنەمایەکی نوێ هەڵسوکەوت بکەن و بێنە پێشەوە. ئەو بیرکردنەوەیە و پەیوندیە هەر لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە کە هەندێک بۆی دەچن بەڵکو لەوانەیە ئێمە زیاتر سوود مەند ببین لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە /

یەکەم / دۆستایەتیمان لەگەڵ تەوژمی نەرمی فەلەستینی ئەو بوختان و درۆیانە ئاشکرا دەکات کە شۆفینی و کۆنە بەعسیەکان و هەندێک زورناژەنی نێو وولاتە ئیقلیمیەکان و ئەلقە لەگوێکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن و وا پیشاندەدەن کە کورد بە یارمەتی ئیسرائیل خەنجەری ژاراوی لە گەلی عەرەب دەدات! هەروەها ئەو شێوە ناشیرنەی وەکو دڕندەیی و زەندیقی و بێ ئاینی و. . . هتد کە بەعس لەسەر کورد لە ئەندێشەی بەشێکی زۆر لە عەرب دروستی کردوە دەسڕێتەوە.

دووەم / ئەو دەستەواژە بێمانایەی کە دەڵێت (کوردستان واتە دروستبوونی ئیسرائیلی دووەم لە باکووری عێراق) کپ دەکاتەوە.

سێیەم/ کە ئەوان خۆیان پەیوەندیان لەگەڵ وولاتی ئیسرائیل دا هەبێت و لە گەڵ ئێمەش پەیوەندیدار بن ئیتر لە ڕووی ڕەوشتەوە ناتوانن نارازی بن بە دروستکردنی هەرپەیوەندیەکی نێوان ئێمەو ئەوانیش و دەبێتە هۆی تێگەیشتنی (تفاهم) زیاتری عەرەبی لەو مەسەلەیە.

چوارەم/ بلێین و نەلێین بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی فەلەستین کێشەیەکی سەرەکیەو خاوەنی (دعم) پشتگیری و سەنگێکی زۆرە. بۆیە دەکرێت لەو ڕێگەیەوە سۆزو پشگیری بۆ کێشە نەتەوەییەکەمان زیاتر بکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێنجەم/ ئێمە لەهەموو کەسێک زیاتر لەو دونیایە پێویستیمان بە دۆستایەتی هەیە، بۆیە دۆستایەتی هەر گەلێک ئەگەر هیچ قازانجێکی دیارو ئاشکراو هەنووکەیی نەبێت بەڵام خۆ لە دوژمنداری ئەوانمان دووردەخاتەوە ئەگەر بە قسەش بێت.
شەشەم / خۆ ئەگەر ئێمە توانیمان چ ڕاسەوخۆ لە حوکمەتی کوردستانەوە یان لە ڕیگەی عێراقەوە لە داهاتوودا هەر ڕۆڵێکی ناوبژی و نزیکبوونەوە ببینین لە نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل بە هۆی ئەو جووانەی کە بەڕەگەز کوردن و ڕۆڵی باڵایان لە هەڵسوڕانی سیاسەتی ئیسرائیلدا هەیە ئەوە دەبێتە زیاتر بەهێزکردن و پتەو بوون و ناساندنی ئاشتی خوازی کوردو کێشە ڕەواکەی.
حەوتەم/ پشتگیری ئێمە بۆ تەوژمی نەرمی فەلەستینی پشتڕاستکردنەوەی (تاکید) سیاسەتی کوردیە دژ بە تۆقاندن و تیرۆری جیهانی کە ئەمڕۆ بۆتە پێوەر بۆ پەیوەنیە سیاسیەکان.
هەشتەم/ بەلایەنی کەمەوە ڕۆڵی کورد وەک و یاریکەرێکی بنەڕەتی نیشاندەدات لە عێراقی نوێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.